# کوردییەکی تێکشکاو.. د.هیوا عەساف

زمان ئامرازێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤ و شکستنی کۆمەڵگادا هەیە. مرۆڤ پەیوەندییەکانی بەهۆی زمانەوە بنیاددەنێت و شکدەخات. جگە لە پەیوەندیکردن لە ژیانی ئاساییدا، زمان هۆکارێکی گرنگی گەیاندن و شکستنە لە بواری سەربازی، دەوڵەتداری، ئابووری، پەروەردە ...هتد.

لە جیهاندا شەڕ و ململانێی زمان زۆر باوە و میللەتان زۆر گرنگیی پێ دەدەن. بە جۆرێك، جگە لە هەوڵی سەپاندن و بڕاوکردنەوەی زمانەکەیان لە دەرەوەی نیشتیمان و نەتەوەی خۆیاندا، لە ناوەوەش ئەکادیمیا و دەزگا زانستییەکان خەریکی پلاندانانی زمانی و خزمەتکردن و پەرەپێدانی زمانی خۆیانن و لە هەوڵی ئەوەدان لە لایەك زمانەکەیان لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا هەڵبکات، لە لایەکی تردەوە لە هەڕشی زمانان بپارێزن و هەستنایەتی لەدەستنەدات. یاسای بێ دەردەکەن، کۆڵ و کۆنگرەی بۆ دەبەستن، بەڵگە لە شوانی دەگرن، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەیە و بە مردنی زمان نەتەوەش دەمرێت. بەڵام کورد لەمەشدا خەمساردە و بە دەستی خۆی زمانەکەی نەخۆشخستووە. بەتایبەتی قۆناغی دوای ڕاپەڕینی (1991) لە باشووری کوردستان. لەم قۆناغەدا بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی بە ڕووی جیهاندا و بەهۆی زۆری وەرگێڕ و وەرگێڕانی خراپ و نازانستی و، بەهۆی هەوڵی لاساییکردنەوەی زمان و شێوازی نوسینی میللەتان لەلایەن هەندێك لە وەرگێڕ و نوسەرانەوە، ئیستا شێوازێکی زمانی کوردی بووە بە باو، کە زمانێکی تێکشکاوە و زۆر لە زمانی قۆناغی پێشووی لاوازترە. ئێستا زمانی پڕۆگرامی خوێندن و نوسراوی دەزگا حکومییەکان و ناونیشانی شوێنە بازرگانی و گشتییەکان، کەمتر کوردانەیە و زۆرجار لە زمانی کەسێك دەچێت، کە زمانی دایکی (کوردی) نەبێت.

بۆ نموونە هەندێك لە تابلۆی شوێنە گشتی و بازرگانییەکان لادانی ڕێزمانییان تێدایە، هەر زمانێك خاوەنی کۆمەڵێك یاسای ڕێزمانیی تایبەت بە خۆیەتی، کە بە سەدان ساڵ چەسپاوە و سیستەمێکیان پێکهێناوە، کە لە ڕێزمانی زمانێکی تر جیایدەکاتەوە. یەکێك لە هەڵەکانی نوسینی سەر تابلۆکان لادانە لە یاسای گرێ پێکهێنان. لە زمانی کوردیدا لە کاتی پێکهێنانی گرێی ناویدا بەزۆری (دیارخەر) دەکەوێتە دوای (دیارخراو)ەوە، وەك (کۆشکی سپی)، لێرەدا سپی

(دیارخەر)ە و کەوتووەتە دوای (کۆشك)ەوە، کە (دیارخراو)ە. هەندێك جاریش دەکەوێتە پێشەوە، بەڵام ئەو کات پێویستی بە مەرفیمی بەستنی (ە) هەیە، وەك شێرە پیاو، کچە دار…هتد. بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێچەوانەوە دیارخەر دەکەوێتە پێش دیارخراوەوە و دەگوترێت (White House)ێ. بەهۆی لاسایی زمانی ئینگیزییەوە ئێستا ڕاگەیاندن و بازاڕەکانی کوردستان پێن لە ناونیشانی وەك (هەرزان بازاڕ، وەلید مارکێت، هەڵە ستایل، لانە مۆد …هتد)، کە دەبوو (بازاڕی هەرزان، مارکێتی وەلید …هتد) بن.
لەلایەکی ترەوە لە ئێستادا بەکارهێنانی ناو و وشەی بێگانە لە تابلۆ و لە ڕیکلامەکاندا بووە بە مۆدێل و زۆر بەرفراوانە. لە زماندا بەکارهێنانی کەرەستەی بێگانە ئاسایە، بەڵام لەو کاتەدا، کە زمانەکە خۆی کەرەستەی پێویستی بێ ئەو چەمکە نەبێت. بێ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی بەرامبەری (ڕێستورانت، کافی، سیتی، گاردن، گرین …هتد) هەیە و خواستن و بەکارهێنان ناچاری و پێویست نییە و هیچ شانازییەکیشی تێدانییە.
ئەوەی ئێستا لە سەر تابلۆکان و لە ڕاگەیاندنەکان و تەنانەت لە پڕۆگرامەکانی خوێندنیشدا دەبینرێت، لێشاوێکی شێوازی نامۆ و وشەی نامۆ و گوزارشتی نامۆیە، (وەك بسکیتی خرماوی، یاریی شانساوی، دووگیانبوونی گوێدرێژ، مەڕی نێر، مرداربوونی سەگ …!). ئێستا لە ڕاگەیاندن و لە تەڵەکەمەڵایەتییەکان سوپایەك لە خەڵکی وا، کە کەمترین ئاگاییان لەبارەی زمانی خۆیانەوە هەیە و درك بە مەترسیی ئەو بابەتە ناکەن، ڕۆژانە منداڵ و گەنجی کورد بەو شێوازە زمانە گێشدەکەن.
ئەم دۆخە پێویستی بە سیاسەت و پلانی زمانی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە ئەم شەپۆلی شێواندنی زمانە پێویستە ڕێگری لێ بکرێت. ڕاگەیاندن و تابلۆی شوێنە گشتی و بازرگانییەکان، زمانی خوێندن… پێویستە لەژێر چاودێریدا بن، لە هەمان کاتدا کەرەستەی زمانیی پێویستیشیان بێ سازبکرێت. ئەمەش ئەرکی زانکۆ و پەروەردە و ڕاگەیاندن و ناوەندە ئەکادیمییەکان و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنە. پێویستە هەموو پەخش و بڵاوکراوەیەك بە فلتەرێکی زمانیدا تێپەڕێت، پێویستە هیچ تابلۆیەك بێ چاودێری هەڵنەواسرێت، هیچ لیژنەیەکی چاودێریش بێ پسپۆڕێکی شایستەی زمان نەبێت، پێویستە هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن ناچاربکرێت، هەڵەچنی زمانیی هەبێت، هیچ فلیمێکی کارتۆنی و درامایەکی دۆبلاژکراو…هتد بێ فلتەر و پێداچوونەوەی زمانی، پەخش نەکرێت.

د.هیوا عەساف